# ژنی کورد دوژمنی زۆرە، بەڵام بەتوانایە بۆ بەڕێوەبردنی خۆیو حەزی بەگەشەکردنە

## نۆڤین حەرسان ئەندامی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی سوید

**کاوان ئەبوبەکر**



خاتوو نۆڤین حەرسان ئەندامی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی سویدەو لەخێزانێکی نەتەوەیی کوردیی لەدایکبووی شاری عامودای کوردستانی سوریایەو لەپێناو مەسەلەی کوردیدا خەباتی کردووەو ناچار بووە لەسەر ئەو خەباتە سیاسیانەی کە هەیبووەو دوای تەواو کردنی خوێندنی قۆناغی دواناوەندی لەسوریا، سەفەر بۆ هەندەران بکاتو لەساڵی ١٩٧٧ ەوە چۆتە وڵاتی سویدو لەوێ مومارەسەی کاری سیاسی کردووە لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەهاندەران، دواتر لەکۆلێژی پزیشکی چوار ساڵ خوێندوویەتیو پاشان (زانستە رامیارییەکانی) تەواو کردووە، لە سەرەتایی ساڵی هەشتاکانەوە کۆمەڵەی ژنانی کوردستانی لەسوید دامەزراندووە، سەبارەت بەم کۆمەڵەیە خاتوو نۆڤین دەڵێت : "کۆمەڵەیەك بوو بەهۆی بوونی ژمارەیەکی کەم ژنی کورد تەمەنی زۆر درێژ نەبوو"، لەبارەی ئامانج لەدامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیەشەوە وتی : "ئەو بارودۆخەی کە کوردستان پیایدا تێپەڕیوەو تا ئێستاش پێویستی بەوە هەبوو داوا لەژنی کورد بکەین بەشداری بکات لەچالاکییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ

بڵاوکردنەوەی وشیاری سیاسی لەنێوان ژنە کوردەکانداو ببنە باڵیۆزی وڵاتەکەی خۆمان و بۆ کوردستان، هەوڵماندەدا ئاستی تێگەیشتنی ژنانی کورد بەرز بکەینەوە"، ئەم خاتوونە لەچەندین کۆنگرەو کۆنفرانسی نێودەوڵەتیدا وەکو ژنێکی کورد بەشداریکردووەو لە زۆربەشیاندا وتاری خوێندۆتەوە لەو بارەیەوە دەڵێت : "ساڵی ١٩٨٠ کاتێك چووم بۆ کۆنفرانسی ژن کە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بوو، وتەیەکم پێشکەشکرد لەوێ سەبارەت بەژنی کوردو بارودۆخی ژنی کورد بەتایبەتی لەکوردستانی عێراق، لەو سەردەمەدا ژنی کورد زۆر بەرەنگاری توندوو تیژی دەبووەوەو رژێمی پێشوو زۆر رێگەی دەگرتە بەر بۆ هێرش کردنە سەر گەلی کورد".



***تائێستا هیچ پۆستێکی سیاسی یان ئیداریت لە سویددا وەرگرتووە، بەتایبەتی وەك دەزانین جەنابتان ئەندامی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی سویدن ؟**

–لەماوەی زیاتر لە (١٧) ساڵە زۆر پۆستی سیاسیم هەبوو، لەوانە ئەندام بووم لە ئەنجومەنی ئیدارەی شارەوانی برۆما لە ستۆکهۆڵم و جێگربووم لەئەنجومەنی پارێزگاو هەروەها وەکو چاودێرێکی سیاسی لەپەیمانگاو زانکۆکانی سەر بەپارتی سۆسیالیست کارمکردووە، لەئێستاشدا چاودێری سیاسیم لەدادگای ستۆکهۆڵم و ئەندامی یەدەگم لە ئەنجومەنی پارێزگا

لەستۆکهۆڵم، هەروەها ساڵی ١٩٩٨ کاندید کرابووم بۆ پەرلەمانی سویدی، بەڵام هەندێك لە (رەگەز پەرستەکان)و کۆمەڵە دواکەوتووەکان و دوژمنانی گەلی کورد بەرەنگارم دەبوونەوە.

***بۆچی بەرەنگارت دەبوونەوە؟**

–لەبەرئەوەی من بەرگریم لە پەنابەران و یەککگرتنی نێودەوڵەتی و سەرخستنی ژنی بێگانە لەناو سویددا دەکرد، هەروەها بەرنامەیەکی ئاشکرام لەناو لیستی پەرلەماندا کەسەر بەپارتی سۆسیالیستی دیموکراتە هەبوو، بەتەنها بانگەشەی هەڵبژاردنی تاکە کەسیم بۆ خۆم دەکرد، ئەگەر دەنگی زۆرم کۆبکردایەتەوە دەچوومە سەرەتای لیستەکەوەو ئەو ئەزموونەش بۆ یەکەمجار بوو لەسویددا بکرێت، واتە بانگەشەی تاکە کەس.

***لەئەندامانی حزبەکەت کەس بەرەنگارت نەبووەتەوە؟**

–نەخێر، ئەوانە (رەگەز پەرستە) تازەکان بوون و بەرەنگاری هەموو پەنابەرەکان دەبوونەوە نامەی هەڕەشەیان دەنارد، بەڵام دیموکراتی لەلای گەلی سویدی زۆر پیرۆزەو کاتێك کەسێك دەجەنگێ لەپێناو دیموکراتیەت و هاندانی پەنابەرەکان لەسوید تا بچن دەنگ بدەن، چونکە زۆربەی پەنابەرەکان لەسوید مافی ئەوەیان هەیە بچن بۆ دەنگدان، بەڵام ناچن و پشتگوێی دەخەن، منیش هانم دەدان بۆ ئەوەی بچن بۆ دەنگدان و بانگەشەی یەکسانی کۆمەڵایەتیم دەکردو هەروەها بەرەنگاربوونەوەی بێ کاری، بەتایبەتی بێ کاری رێژەی زۆر زۆرە لەناو پەنابەراندا، بەڵام (رەگەز پەرستەکان) بەرەنگاری ئەم بیرۆکەیە بوونەوە، چونکە رەگەز پەرست دەڵێت نابێت ئەمە کاندید بکرێت، هەرکەسێك بێجگە لەنەتەوەی خۆی مافی نەدا بەهیچ نەتەوەیەکی دیکەو دانی بەنەتەوەك غەیری نەتەوەی خۆی نەنا ئەوە کەسێکی (رەگەز پەرستە)، ئەوانەش بەرەنگاری پەنابەران دەبوونەوە، بەڵام کەم بوون، لەبەر ئەوەی سوید وڵاتێکی دیموکراتییە، تەنانەت رەگەز پەرستەکانیش دەتوانن بانگەشەی هەڵبژاردن و رێپێوان ئەنجام بدەن.

***با تۆزێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە کاتی دامەزراندنی یەکێتی ژنانی کوردستان لەسوید کاردانەوەی ژنی کورد لەسوید چۆن بوو بەرامبەر ئەو کۆمەڵەیە؟**

–ئەو ژنانەی کە کۆمەڵەی ژنانی کوردستانیان پێکهێنا بوو زیاتر ئەو ژنانە بوون کە نەخوێندەوار بوون و بڕوانامەیان نەبوو، بەڵام ئێمە هەر کاری خۆمان دەکرد، وەکو خۆپیشاندان، پێشەنگاو کاری رێکخستن، هەروەها فێربوونی زمان و وەرگێڕان، بەم کارانە وردە

ورده‌ كۆمه‌ڵه‌كه‌مان ژماره‌ی زیاتر بوو، ئێمه‌ پشتمان به‌ چۆنێتی كاركردن ده‌به‌ست نه‌ك چه‌ندایه‌تی، ئه‌وه‌ گرنگ بوو بۆ ئێمه‌، (١٠) ساڵ ته‌مه‌نی ئه‌و كۆمه‌ڵه‌یه‌ بوو له‌دوای ئه‌وه‌ له‌كاركردن وه‌ستا.

*تۆ له‌كه‌یه‌وه‌ سوریات نه‌بینیوه‌؟

–جار جارێك ده‌چم، به‌ڵام هه‌میشه‌ موخابه‌راتیان به‌دوامه‌وه‌ن.

*ئه‌ی پارته‌ كوردییه‌كانی سوریا كارئاسانیت بۆ ناكه‌ن؟

–له‌سوریا حیزبی كوردی هه‌یه‌، به‌ڵام به‌شێوه‌ی نهێنی كارده‌كه‌ن‌و نابێت كۆمه‌ڵه‌ی حیزبه‌ كوردییه‌كان پێكبهێنرێت، چونكه‌ یاسایی ئه‌حزاب له‌سوریا نییه‌.

*حیزبی كوردی ئاشكرا له‌سوریادا نییه‌؟

–نه‌خێر ئاشكرا نین، حیزبی كوردی هه‌یه‌ له‌سوریا له‌پێناو مافی گه‌لی كوردو مافی رۆشنبیری‌و ..تاد ده‌جه‌نگێت.

*واته‌ تۆ ده‌ڵێیت یه‌ك حیزبی كوردی نییه‌ ئاشكرا بێت؟

–ئاشكرا نین، قه‌ده‌غه‌یه‌، ئه‌گه‌ر حكومه‌تی سوریا ئیعتراف بكات به‌حیزبێكی كوردی مانای وایه‌ ئیعتراف به‌بوونی گه‌لی كورد ده‌كات.

*به‌ڵام هه‌ر سه‌ر به‌حكومه‌ته‌؟

–نه‌خێر حیزبی وا نییه‌ سه‌ر به‌حكومه‌ت بێت، حكومه‌تی سوریا هه‌وڵیداوه‌ كه‌ هه‌ندێك كۆمه‌ڵه‌و حیزب دروست بكات، به‌ڵام هه‌مووی فه‌شه‌لی هێناوه‌، به‌ڵام هه‌ندێك حیزب هه‌یه‌ ده‌جه‌نگێ له‌پێناو مافی مرۆڤو رۆشنبیری‌و..تاد.

*ئه‌ی تۆ بۆ یه‌كێك له‌و حیزبه‌ نهێنیانه‌ كار ناكه‌یت؟

–من پشتگیری حیزبه‌ كوردییه‌كان ده‌كه‌م، به‌ڵام سه‌ر به‌ هیچ حیزبێكی كوردی نیم.

*بۆ؟

–ناتوانم ئه‌وه‌ بڵێم.

*باشه‌ موخابه‌راتی سوری ئێستا تۆ ده‌ناسێ، ئه‌ی چۆن ده‌توانی سه‌ردانی سوریا بكه‌یت له‌م ماوه‌ی چه‌ند ساڵه‌ دورو درێژانه‌دا؟ به‌ چ شێوه‌یه‌ك سه‌ردانی سوریات كردووه‌ به‌نهێنی یان رووخسارت گۆڕیوه‌ یان چۆن؟

–من زۆرجار گیراوم، له‌سوریا گیراوم.

***کەی؟**

-دواجار لەساڵی (٢٠٠٣)دا بوو، دایکم ئارەزووی ئەوەی دەکرد پێش مردنی بمبینێت، منیش کارەکانم بەجێهێشت‌و بەپەلە چوومەوە سوریا، گرنگ ئەوە بوو بەهەرچ شێوەیەك بێت بەفرۆکەی تورکیا یاخود سوریا بێت سەردانی دایکم بکەم، من رەگەزنامەی سویدیم هەیەو سیاسییەکی چالاکی ناسراوم لەسویدداو لەسەر ئاستی سویدیش ناسراوم، لەبەر ئەوە چەندین راپۆرت هەبوو دەربارەی من، هەربۆیە لەگەڵ گەیشتنم بۆ سەر سنوری سوریا-تورکیا لەلایەن موخابەراتی سورییەوە دەستگیر کرام، پاش لێکۆڵینەوەو چەندین ئەشکەنجەی دەروونی بردیانم بۆ بەندینخانەی حەسەکەو لەوێشەوە بۆ شام، بەداخەوە کاتێك لە بەندینخانە بووم دایکم کۆچی دوایکردو یەکتریمان نەبینییەوە.

***هەڵوێستی حکومەتی سویدی چی بوو، بەتایبەت کە تۆ کەسایەتییەکی ناسراوی سوید بوویت؟**

-من هاوڵاتیەکی سویدیم، ئەگەر وانەبووایە ئێستا دیار نەدەمام، من پێش ئەوەی بمبەنە بەندینخانە لە حەسەکە لەرێی مۆبایلەوەو بەنهێنی پەیوەندیم بەرۆژنامەنوسێکی سویدی هاورێمەوە کردو ئەویش چەندین رۆژنامەو رۆژنامەنووسانی سویدی ئاگادار کردبۆوەو دواتر بەوەزارەتی دەرەوەی سویدیان راگەیاندبوو.

***ئەی ئاگاداری ئەوە نەبوون کە تۆ مۆبایلت پێیە ؟**

-کە دەستگیر کرام نەیاندەزانی مۆبایلم پێیە، دوای (١٠) دەقیقە باڵیۆزخانەی سویدی راستەوخۆ پەیوەندی پێوەکردم لەدیمەشق بۆ مۆبایلەکەم‌و پێیان وتم تۆ لەکوێیت‌و بۆ کوێت دەبەن، منیش نەمدەزانی وتم بۆ ئاسایشی سیاسی لەحەسەکە، کاتێکیش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردم مۆبایلەکەم هەر ئیشی دەکرد، پاش ئەوەی بردیانم بۆ موخابەراتی (حەسەکە) لەوێ پێیانزانی و مۆبایلەکەیان لێ سەندم.

***دواتر؟**

-ئەوەی کە داوای کردبووم (غازی کەنعان) بوو، کە سەرۆکی ئاسایشی سیاسی بوو، پاشان بوو بە وەزیری ناوخۆو پاشان خۆی کوشت. ئەو داوای کرد چاوی پێم بکەوێت، بەڵام حکومەت‌و راگەیاندنەکانی سوید زۆر فشاری خستە سەریان تا ئازادیان کردم، بەڵام هەتا ئێستاش روونکردنەوەیەك لەلایەن حکومەتی سورییەوە بۆ حکومەتی سویدی نییە، هیچ شتێك ئاشکرا ناکەن، وەزارەتی دەرەوەی سویدی هەوڵیدا سوریا لەبارەی دەستگیر کردنەکەمەوە

شتێکی بۆ ئاشکرا بکات بەڵام وەڵام نەبوو، ئەوان لەشام پێیان وتم تۆ قسەت کردووە بۆ کەناڵی جەزیرە گوایا کوردەکان لەسوریا زوڵم لێکراونو تۆش کەسێکی تێکدەری.

***ئەوە راست بوو، هیچ قسەیەکت کردبوو بۆ ئەو کەناڵە؟**

–من چەندین راپۆرتم دابوو نەك بەجەزیرە، بەڵکو بۆ ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنساو (لۆمۆند) بەناوێکی دیکەوەبوو، چونکە لەساڵی (٢٠٠١) زیاتر لە (٩٠٠) کەس کە زۆربەیان کوردی سوریا بوون بەکەشتییەك لەسوریاوە رۆیشتبوون بۆ فەرەنسا ئەمەش دەنگیدایەوە لەفەرەنساو وایان نیشاندابوو کە ئەوان کوردی عێراقن، موخابەراتی سوری لەپشت ئەمەوە بوو.

***سەبارەت بەوەی کەدەڵێن ئەو تیرۆریستانەی کاری خۆکوژی دەکەن هەمووی خەڵکی سوریانو لەوێوە دێن چی دەڵێیت؟**

–ناتوانم سەبارەت بەوە قسە بکەم.

***لەم چەند ساڵەی دواییدا چیت کردووە بۆ ژنی کورد لەسوید، بەتایبەتی تۆ لە پارتێکی سویدیتو ناسنامەی سویدت هەیەو بەرەگەز کوردیت، چیت کردووە بۆ ژنی کورد کە باسبکرێتو دیار بێت؟**

–هەوڵمداوە وێنەیەکی ئاشکراو روونو بێ شێواندن دەربارەی گەلی کورد بخەمە روو، چونکە دوژمنمان زۆرە، دوژمنی ژنی کورد زۆرە، لەبەر ئەوە ئێمە کار دەکەین بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ گەلی سویدی لەرێگای حیزبەکانمان کە لەسویدن، ئێستاش خولی راهێنان دەکەمەوە لەسوید، هەروەها بەهۆی پرۆژەی (ئۆلف پالمێ بۆ دیموکراتیەت) هاتوومەتە کوردستانو رێکەوتننامەیەکمان کردووە لەگەڵ (ژنانی کوردستان) بۆ کردنەوەی چەندین خول.

***لەسلێمانی یان لەهەولێر؟**

–لەهەموو کوردستان، بەڵام رێکەوتنەکە زیاتر لەگەڵ (ژنانی سلێمانی)ە.

***ئەمە یەکە مجارە سەردانی کوردستان دەکەیت؟**

–نەخێر دووەمجارە، لەساڵی ١٩٩١ دوای راپەڕین سەردانی کوردستانم کرد، بەڵام ئەوکاتە لەژێر موخەیەم بوون لەناوچەی بادینان، بۆ سلێمانیش دووەم جارمە.

***لەنێوان سەردانەکانتدا چی تێبینی دەکەیت؟**

–ژنی کورد بەتوانایە بۆ بەڕێوەبردنی خۆیو حەزی بەگەشەکردنە، ئازادی دەربڕین زۆر بەهێزە لێرە بە پلەیەك کە رەخنە لەسەرۆکەکانیان دەگرن، تەنانەت رۆژنامەکانی ئەورووپاش

بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ لەسەر کوردستانو ژنی کورد دەنووسن، دەڵێن نموونەیەکە شایانی ئەوەیە ڕێزی لێبگیرێت.

***ساڵی چەند پەیوەندیت کردووە بە پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی سویدییەوە؟**

–١٩٩٠، پێش ئەوە چالاك بووم لەکۆمەڵەی مافی مرۆڤ.

***ئێستا لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا بڕیاریانداوە کە پەنابەرەکان بگەڕێننەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان بەتایبەتی کوردەکانی عیراق، ئێوە لە پارتەکەی خۆتان هەڵوێستان چییە؟**

–هەمیشە لەگەڵ پەنابەراندا بووەو پشتگیری داواکارییەکانی پەنابەران دەکات.

***ئێستا پەیوەندیت چۆنە لەگەڵ ژنانی کورد لە سویددا، ئایا پەیوەندییان پێوە دەکەیتو دەتناسن ؟ ئایا شوێنێك هەیە کۆببنەوەو تیایدا قسەبکەن پێکەوە گیروگرفتی خۆیانت بۆ باس بکەن؟**

–بەڵێ ئێمە هەر کوردینو کۆشش دەکەین لەپێناو گەشەپێدانی پەیوەندییەکانو چارەسەر کردنی گیروگرفتی ژنانو گیروگرفتی ئەو پەنابەرانەی کورد کە لەسویدن.

***واتە هاوڕێت هەیە سەردانیان بکەیت ؟**

–بەڵێ، بێگومان هەتاوەکو لەبەر ئەوەی من لەبواری سیاسیدا کاردەکەم زۆر پەیوەندیم پێوە دەکەنو ئەوانەی مافی پەنابەریان نییە، یاخود بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتیان.

*** پێتخۆشە دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆت قسە بکەین؟**

–پێویست ناکات.

***خوێنەری کورد حەزی بەزانینی ئەو تایبە تمەندییانە هەیە؟**

–پێویست ناکات، ئەوانە تایبەتین.

***دەربارەی باری سیاسیو کۆمەڵایەتی قسەمان کرد، وەك دەزانین تۆ لەبواری رۆژنامەگەریدا کار دەکەیت؟**

–هەندێکجار بەزمانی سویدی دەنووسم، بابەتێکم لەڕۆژنامەیەکی سویدیدا نوسیووە پاشان لەکتێبی قوتابخانەکاندا چاپکراوە بەو پێیەی بابەتێکی زۆرچاکە دەربارەی خۆ گونجاندن، یاخود لەکاتی پێویستیدا دەنووسم، من رۆژنامەنووس نیم، بەڵام لەکاتی پێویستدا بۆ بەرگری کردن لەبنەمایەکی تایبەت بەپەنابەران بەزمانی عەرەبیو کرمانجی دەنووسم، بەڵام بەکوردی سۆرانی بەداخەوە ناتوانم بنووسم.

***ماوەی یەك كاتژمێرە من تێبینی ئەوە دەكەم تۆ تەنها باس لەكوردستانی سوریا دەكەیت؟**

–تۆ پرسیارت لێكردم، بۆیە منیش باسی كوردستانی سوریام بۆ كردیت.

***هاوڕێت لەكوردستانی عێراق هەیە؟**

–بەڵێ، زۆرم هەیە.

***لەكوردستانی توركیا؟**

–لەهەمووی هەمە.

***بەڵام تۆ كوردی سوریایت؟**

–بەڵێ من كوردی سوریام، بەڵام زۆر لەپێناوی كوردستانی توركیادا كۆششم كردووە، لەسەردەمی سەدامیشدا زۆر هەوڵمداوە بۆ كوردستانی عێراق، زۆرتر قسەم لەسەر عێراق كردووەو پێیان دەووتم خەڵكی عێراقیت نەك سوریا، هاوڕێی كوردی عێراقیم زۆرترە، زۆرتر لەگەڵ كوردی توركیا تێكەڵ دەبم وەك لەسوریا، چونكە لەسەرەتادا كوردی توركیا زۆر زۆربوون لە سوید، پاشان كوردی عێراق.

***هەر ناتەوێت لەسەر ژیانی تایبەتی خۆت قسە بكەیت؟**

–نا پێویست ناكات.

